# بەڕێوەبردنی نائاساییش

## گفتوگۆ لەگەڵ جۆرجیۆ ئاگامبێن

سازدانی: ئەندرێ کۆرتێلێسا
لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد



***ماوەیەکی زۆرە بابەتی ئاسایش لە ئەجندای سیاسی ئێمەدا بۆتە ئەولەویەت. ڕاپرسییەکان ئاماژە ئەوە بەوە دەکەن ئاسایش سەرتۆپی ئەو بابەتانەیە کە دەنگدەران بایەخی پێدەدەن. چەقی دەنگدانیش لەسەر ئەم بنەمایەیە. ئەم دۆخە تەنیا تایبەت بە ئیتالیا نییە، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و میدیا بە درێژایی ماوەی نەوەدەکان بایەخی زیاتریان بەم پرسە دا هەتا لە هێرشەکانی 11ی سێپتێمبەری 2001دا گەیشتە ترۆپکی خۆی. هێشتایش لە ڕۆژئاوا هەستکردن بە نەبوونی ئاساییش هێدی هێدی زیاتر دەبێت، سەرەڕای لێکدژیی زیادبوونی داردەکانی تاوان و لادان لە هەمان ماوەدا.**

-وەک ئەوەی پێشتریش مەسەلەکە پەیوەستبوو بە دەوڵەتی ئاوارتەوە (exception State)، لەمڕۆدا ئاسایش بۆتە پارادایمی ڕاستەقینەی فەرمانڕەوایەتی. لەبەر ئەمە مەسەلەکە پێویستی بە پرسیارکردنە لە بنچینەی ئەم چەمکە: لە کوێوە دێت، لە ئێستادا ڕۆڵی چییە، لە نێو چ ستراتیژیەتێکدا دادەنرێت.

فەیلەسوفی فەرەنسی «میشێل فۆکۆ» لە وانەوتارەکانی ساڵی 1977-1978 لە لە کۆلێژی دو فرانس، یەکەم کەس بوو کە بنەڕەتەکانی ئەم بابەتەی دیاریکردووە. لەوێدا ڕوونی کردۆتەوە کە چۆن ئەم چەمکە لە کاتی شۆڕشی فەرەنسیدا لە ڕێگەی حکومەتە (حاکمپەروەرەکان (sovereigns) ـەوە لەلایەن کویزنای و تەوژمی فیزیۆکراتییەوە سەری هەڵداوە. لەو سەردەمەدا کێشەی سەرەکی کۆمەڵگە «برسێتی» بوو. حکومەتەکان هەوڵیاندا لە ڕێگەی پاشەکەوتکردنی دانەوێڵەکان و سنووردارکردنی هەناردەکانەوە چارەسەری بکەم... بەڵام هەمیشە بەرەنجامەکان کارەساتاوی بوون.

ئایدیای کیزنای ئەوە بوو کە ناکرێت پێشبینی برسێتی بکرێت، لە هەموو حاڵەتەکانیشدا ئەم جۆرە وەڵامانە لە بانگەشەکردنمان بۆ بەرگرتن بە برسێتی زیانمەندترن.

لێرەدا ئەو نموونەیە دێتە ناوەوە کە کیزنای بە «ئاساییش» پێناسەی کردووە، هەر کە برسێتیی ڕوودەدات یەکسەر بەهۆیەوە لەسەر بنەمای دەستووردان و ڕێکخستن لەژێر کارگێڕییەکی گونجاودا، دەست دەکرێت بە جموجوڵ. گوتاری ئێستای ئاساییش، بە پێچەوانەی ئەوەی کە پروپاگەندەی حوکمەتەکان جەختی لێدەکەنەوە، ئامانجی ئەوە نییە پێشبینیی هێرشە تیرۆریستییەکان و هەر فۆڕمێك لە فۆڕمەکانی دیکەی نەبوونی ئاساییش بکات؛ ڕۆڵە ڕاستەقینەکەی بریتییە لە دەستوەردان و چاودێریکردنی پاشوەختە. دوای ئەو بارگرژییانەی کە لە کاتی بەستنی لوتکەی هەشت (چ8) لە تەموزی 2001دا ڕوویاندا، ئەفسەرێکی پلەبەرزی پۆلیس ئەوەی بۆ دوو ڕاوێژکاری لێکۆڵەری ئەو ڕووداوانە درکاندبوو کە حکومەت نایەوێت ئاساییش بپارێزێت، بەڵکو دەیەوێت ئاسایش بەڕێوەبەرێت. ئێمە پێشتر ئاشنای ئەم ڕاشکاوییەی حکومەتەکان نەبووین، چ لە سیاسەتی ناوخۆیی و چ لە سیاسەتی دەرەکیدا.

لەمڕۆدا ئامانجەکە «نەزم» نییە، بەڵکو بەڕێوەبردنی «بێ-نەزمی»یە. ڕێوشوێنە بایۆمەترییەکان کە ئەمریکا لەسەر سنوورەکانی دەیانگرێتەبەر و حکومەتەکانی دیکەیش دەیانەوێت پراکتیزەی بکەن- دەمانگەڕێننەوە بۆ بیرکردنەوە لەو مومارەسانەی کە لە لە سەدەی نۆزدەدا پەیڕەوییان لێدەکرا بۆ ئەوەی ڕێ لە تاوانباران بگرن تاوانەکانیان دووبارە نەکەنەوە -نەك حسێبکردنیان بە تاوانبار- وەکو کارتی شوناسنامەی دادوەریی بریتۆن یان پەنجەمۆرە دیجیتاڵییەکانی گاڵتۆن. ئاشکرایە ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە ڕێ لە ئەنجامدانی تاوانەکان ناگرن؛ ئەگەر بتوانن کەمێك بەر بە تاوان بگرن ئەوا بە زۆری ڕێی ئەوە لەو تاکەکەسە ناگرن لە داهاتوودا تاوانێك بکات کە پێشتریش کردوویەتی.


Giorgio Agamben

***زۆربەی جار ئەم پیادەکردنانە سەرکەوتوو نین، وەکو کامیکازێك [بەرگرییەکی دژە-خۆ] کە بۆ یەکجار خۆی دەکوژێت؟**

-ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە بۆ ئەوە نەگیراونەتەبەر تاوەکو بەدەم دواخوازی پاراستن لە ئەنجامدانی تاوانەوە بچن و جاری وایش هەیە بۆ ئەم ڕۆڵە تەبا و گونجاو نین. بەڵام ئەگەر ئەوە روون بووبێتەوە کە ئاسایش بووەتە پارادایمی حکومەت کە واتاکەی جیاوازە لەوەی کە لە ڕای گشتیدا باوە، ئەوا پێویستە لەمڕۆدا پرسیار لەبارەی سروشتی ڕاستەقینەی دیموکراسییەتەوە بکەین. لەبەرئەوەی دیموکراسییەت کورتکراوەتەوە بۆ یەك ڕێگای بەڕێوەبردن و بۆ یەك ئامانجی دەوڵەتی ئاسایش و ئاوارتە، کەواتە هیچ پەیوەندییەکی بە دیموکراسییەتەوە نییە.

لەیادمە دوای جەنگی دووەمی جیهانی هەندێك لێکۆڵەری زانستە سیاسییەکان (بۆ نموونە ڕۆسیتەر کلینتۆن) باسیان لەوە کرد هەر قوربانییەك کە بۆ بەرگریکردن لە دیموکراسییەت بدرێت بایەخێکی ئەوتۆی نییە، تەنانەت ئەگەر دیموکراسییەتیش هەڵپەسێرێت.

ئێمە لەمڕۆدا لە سیناریۆیەکی هاوشێوەدا دەژین؛ ئایدیۆلۆژیای ئاسایشی ناوخۆیی ئامانجی پاساودانەوەی ئەو ڕێوشوێنانەیە کە هەڕەشە لە جەوهەری دیموکراسییەت خۆی دەکات، لە ڕوانگەی یاساییشەوە ئەو ڕێوشوێنانە بە پێرفێکتی بەربەریانەن.

***بۆچوونت چییە لە بارەی دەستپێشخەرییەکەی «واڵتەر فالترۆنی»یەوە بۆ ناردنی گرافات بۆ شوێنێکی پڕ لە هونەرمەندانی سێرك دوای کوژرانی جیوڤانا ڕیجیانی لە سەردەمی دی کینتۆ، یان دەستپێشخەرییەکەی حکومەتی برودی بۆ درێژکردنەوەی فەرمانی یاسا لە زەمەنێکی پێوانەییدا کە دەرفەتی هەڵپەساردنی پەیماننامەی شینگن بدات و ئینجا توانای ڕاگواستنی ئەو هاونیشتمانیانەی یەکێتی ئەوروپا بدات کە بە هەندی تاوان تۆمەتبارن؟**

**-زۆر سوودمان لەو هەستە وەرگرتووە کە ئەم جۆرە تاوانانە دەیوروژێنن و ناهێڵێت بە باشی بیری لێبکەینەوە تاوەکو بچینە قۆناغێکی نوێی لۆژیکی ئاساییشەوە. دۆخەکە بەم جۆرە نابێت ئەگەر ئەم بڕیارە بخرێتە مشتومڕێکی بەهێز و**

**گەرموگوڕی پەرلەمانییەوە. وا دەردەکەوێت ئەم توانایە، کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئاوارتەدا پەرەیسەندووە، قەڵەمبازێکی جۆریی ترسناکە بۆ ئەو سیاسەتە حکومەتییانەی کە لەبارەیەوە دوایین.**

-ئەوەی لەم دۆخەدا دەمانترسێنێت بێدەنگیی کەسە یاساییەکانە. ئەو کولتوورە یاساییەی کە ڕێ بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕێوشوێنە یاسادارێژییانە دەدات کە بنەما سەرەکییەکانی یاسا پێشێل دەکەن، لەنێو چووە. بۆ نموونە ئەو دەستپێشخەرییەی ئیلیانون ئەماتۆ چەندینجار لەبارەی ئاساییشەوە ڕایگەیاندووە، هەندێك حوکمی یاسایی تێدایە -بۆ نموونە ئەو حوکمانەی کە تایبەتن بە تاوانەکانی سێکسی منداڵان لەسەر ئینتەرنێت- لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ تاوانبارکردنی نیاز [نییەت]. دەتوانین لە مێژووی یاسادا نیاز (نییەت) بە کارکردێکی گرنگی تاوان دابنێین، بەڵام هەرگیز ناتوانین لەخۆیدا بە تاوان دایبنێین. لەسەر ئەم بنەمایە، دەکرێت هەرکەسێك بخرێتە زیندانەوە.

***لەم حاڵەتەدا ئەوەی زیاتر ڕوونە ئەوەیە کە لە حاڵەتی تاوانی بۆچوونەکاندا، بەدواداچوونەکان لایەنیکەم لەسەر بنەمای گوزارشتی هەڵچوونییانە لە بۆچوون بەرپێوەناچن، لە کاتێکدا لە کەتنی نیازدا بەدواداچوونە یاساییەکان توانای ئەوەیان هەیە بگەنە ناو ناخی مرۆیی.**

-ئەمە تەنیا نموونەیەکە لەنێو نموونەکانی دیکەدا. لە ڕوانگەی یاساییەوە ئێمە بەگژ بەربەرییەتێکی ڕەهادا دەچینەوە. ئێمە بینیمان لەو دەوڵەتانەدا کە پێیاندەوترێت دەوڵەتانی دیموکراسی، مشتومڕەکان دەربارەی ئەگەری پەیڕەویکردن لە ئەشکەنجە ڕوویان لە هەڵکشان کرد. ئەگەر مێژوونووسێکی یاساناس بەراوردێك بکات لەنێوان حوکمە یاساییەکانی سەردەمی فاشییەت و حوکمە یاساییەکانی سەردەمی ئێستاماندا، ئەوا بەراوردەکە لە بەرژەوەندی ئێمە نابێت. هێشتایش ماوەی چەند ساڵێکە یاساکانی «ئاگادارکردنەوە» یاساییانە درێژ بوونەتەوە، هیچ حکومەتێکی چەپیش نەیتوانیووە هەڵیپەرسێرێت؛ ئەم یاسایانە ناهێڵێت هیچ هاونیشتمانییەك لە ماڵدا پێشوازی لێبکرێت بە بێ ئاگادارکردنەوەی پۆلیس لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا. کەسیش ئەمە جێبەجێناکات و هێشتایش لە ماڵەکاندا بە بێ ئاگادارکردنەوەی پۆلیس پێشوازی لە هاوڕێکانمان دەکەین. خەڵکێکی زۆر هەر ئاگایشیان لەوەنییە وەها یاسایەك هەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا سزای یاساکە بۆ ئەم جۆرە ڕەفتارە لایەنیکەم ماوەی شەش مانگ زیندانیکردنە.



**یاسا تەنیا ئەو کاتە مانای هەیە کە دان بە کۆمەڵێك فەزای دیکەدا بنێت کە لەگەڵیاندا دەچێتە پەیوەندییەکی دیالەکتیکیی یەکتر سنووردارکردنەوە. ئەگەر ئەم دیالەکتیکە بوەستێت ئەوا هێزی یاسا دەبێتە غول**



**پێموایە لەمڕۆدا پەیماننامەی متمانەی دوولایەنە، لەنێوان هاونیشتمانیان و سیاسەتمەداراندا، لەنێوان سەردەستان و ژێردەستاندا هەڵگەڕاوەتەوە و بووە بە گومانێکی دوولایەنەی کوشندە.**

***شتێکیتر کە لە تێرامانەکانی ئێوەدا وروژاندمی، ئەو شێوازە بوو کە بەهۆیەوە حاڵەتی شتەکان دەککردنمان بە زەمەن دەشێوێنێت. چ چاودێریی بایۆمەتری بێت کە ئەگەرچی وەك نوێنەرەوەی ڕێوشوێنە یاساییەکان پیشان دەدرێت بەڵام لە ڕاستیدا دوای زەبرێك سەرکەوتوو دەبێت، یان ڕێوشوێنی پەیوەست بە نیازی لادانی سێکسی بێت کە سزای کەتنێك دەدات هێشتا ئەنجامنەدراوە. هەموو ئەمانە ئێستایەکی ساختە دروست دەکەن. ئەم دوو ڕێوشوێنە پێش هەموو شتێك کاریگەری لە عەقڵیەتمان دەکەن. وەك لەبارەی یاساکانی ساڵانی ئاگادارکردنەوەوە وتت کە لە کۆنتێکستی جیاواز لەوەی کە هەبوو، درێژکرایەوە؛ ئامانجەکەی گونجاوندنی داهاتوومان و دووبارە پێکهێنانەوەیەتی وەك درێژبوونەوەیەکی ناکۆتای ئێستامان. کەواتە، ئەمە نەك تەنیا ماف بەڵکو عەقڵییەتی حوکمە ناکاوەکانیشمان دادەمەزرێنێت.**

-با حاڵەتی بنیاتنانی بانکی زانیاریی تایبەت بە کلێنچکە (DNA) بە نموونە وەربگرین. ئەوەی ئەم «دەستپێشخەرییە بەناوبانگە لەبارەی ئاسایشەوە» پێشکەشی دەکات لەنێو ڕێشوێنەکاندا بە ئابڕووچوونێکی ئاکاریی دادەنرێت و تەنیا لە بێ بەرپرسیارێتییەوە گەشە دەکات. مێژوونووسەکان دەزانن لە ڕێگەی وێنەی کاتی پێناس و کارتی پیشەییەوە بوو کە نازییەکان توانییان شوناسی یەهودییەکان دیاریی بکەن و بە کۆمەڵ ڕایانبگوازن [بۆ کەمپەکان]. چی دەبێت ئەگەر لەمڕۆدا دیکتاتۆرێك بڕیار لەو کارتە بایۆمەترییەکان و بانکی زانیاریی (DNA)ی هەموو هاوڵاتیان بدات؟

***ئەم جۆرە پارادۆکسانە -هەڵپەساردنی دیموکراسییەت بۆ بەرگریلێکردنی- دەمگەیەنێتە ئەوەی کە بڵێم ئەو تاکە بەهایەی خستۆتە قەیرانەوە کە لە شۆڕشی فەرەنسییەوە بۆمان ماوەتەوە، کە هێشتایش کۆمەڵگەکەمان دەبزوێنێت و لە بچووکترین هەلیشدا لە هەموو لایەنەکانەوە ئاماژەی پێدەدەین: ئازادی.**

-لە کۆمەڵگەی پۆست-پیشەسازیی پێشکەوتوودا بابەتەکە تاڕادەیەك واقیعییە. لەئێستادا هاووڵاتیی ڕۆژئاوایی زیاتر قبوڵی کۆتوبەندکردنی ئازادییەکان دەکات وەك لەوەی بیست ساڵ لەمەوپێش هەبوو. تەنیا ئەوەندە بەسە بیر لە شێوازی برەودان بە ئایدیای چاودێریی فەزا گشتییەکان و شەقامەکان

بە کامێراکان بکرێتەوە. ئەوەی دەوری ئێمەی گرتووە زیاتر لە زیندانەوە نزیکە نەك لە شارەوە.

ئایا کەس هەیە لە فەزایەکی چاودێریکراودا هەست بە ئازادی بکات؟ مرۆڤایەتی هەرگیز لە ڕابردوودا بە ئەندازەی ئەمڕۆدا چاودێری و کۆتوبەندکردنی ئازادییەکانی بەخۆیەوە نەبینیووە. هەموو تەکنۆلۆژیاکان دەخرێنەگەڕ بۆ ئەوەی ئێمە ئاگامان لێنەبێت چی دەگوزەرێت. بۆ نموونە کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی کەرەستەکانی چاودێریی و بایۆمەتری، ڕێنمایی کڕیارەکانیان دەکەن منداڵەکانیان کە دەیانەوێت ببن بە هونەرمەند، لەسەر ئەم جۆرە کەرەستانە ڕابهێنن. دەبێت ئەم ئامرازانەی چاودێری لە باخچەی منداڵان، قوتابخانەی منداڵان، دەرگای چێشتخانە، لە ناوەندییەکاندا دابنرێن. هەر کە مرۆڤ هێدی هێدی لەسەر ئامرازەکانی چاودێریکردن ڕادێت ئیدی قبوڵی ئەوە دەکان چاودێری جووڵە و هەڵسوکەوتەکانی بکرێت. ئامانجەکە پەروەردەکردنی هاووڵاتیانێکە کە لە ئازادییەکانیان داماڵرابن و بگرە دەرکی ئەم دۆخەیش نەکەن.

***گرنگە بزانین کە ئەمە بە ناوی بەرگریکردن لە دیموکراسییەت و بەرگریکردن لە کۆمەڵگەوە دەکرێت. ئێمە لەبەردەم فێڵێکی زمانەوانیدان، لەو جۆرە فێڵەی کە جۆرج ئۆرویل لە 1984دا باسی دەکات. جەنگ ئاشتییە، کۆیلایەتی ئازادییە. مێژووی زمانەوانیی مومارەسە جەنگییەکان لە پانزە ساڵی ڕابردوودا پێشبینییەکانی ئەو دووپات دەکەنەوە.**

-زۆرێك لەو چەمکانەی ئێستا بەکاریان دەهێنین هێدی هێدی واتای خۆیان لە دەست داوە. بەمجۆرە دەبینین جەنگەکانمان وەك پرۆسەی سیاسی دەرخوارد دەدرێت، و بگرە خودی پرۆسەی دیموکراسییش وەها وەسفی ئەو دۆخە دەکات کە بەڕێوەبردنی ئابووری و چاودێریی ئاساییشە لەلایەن حکومەتەوە. بەم جۆرە حکومەت بۆتە ئەو شتەی لە سەدەی هەژدەدا پێیدەوترا پۆلیس کە دوورە لە چەمکی سیاسەتەوە. لە ڕاستیدا بەشێکی گەورەی گۆڕانەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کە ڕۆڵە ڕەخنەییەکەی خۆی ونکردووە و بۆتە دەزگایەك لە دەزگاکانی حکومەت. لادانی کولتووری یاسایی و هەروەها غیابی چینی یاساناسی سەربەخۆ، دەرفەتی برەودانی بە ئاڵۆزی و لێڵییەکان ڕەخساندووە. چەند ساڵێك لەمەوپێش، «پاولۆ پیرۆدی» برای سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی باسی لەوەکرد کە: خۆکوشتنی یاسایی، ڕاستەقینە، خۆوێرانکردن، شتێکی زۆر ئاساییە، ئەمەیش بەرەنجامی وڕێنەی هەموو هێزی ئەو ئایدیایەیە کە باوەڕی بە کردنی هەموو شتێك بە شتی یاسایی هەیە، تەنانەت بەو شتە کۆنانەیشەوە کە پەیوەستە بە ئاکار، ئایین، سێسکواڵێتیشەوە و بگرە تەنانەت سادەترین کردەوە و ڕەفتاری ڕۆژانەیش. کەسانی یاساناس دەزانن، یان دەبێت بزانن، ئەگەر یاسا ئەم ڕێگایە بگرێت ئەوا بەرەو وێرانبوون دەچێت. یاسا تەنیا ئەو کاتە مانای هەیە کە دان بە کۆمەڵێك فەزای دیکەدا بنێت کە لەگەڵیاندا دەچێتە پەیوەندییەکی دیالەکتیکیی یەکتر سنووردارکردنەوە. ئەگەر ئەم دیالەکتیکە بوەستێت ئەوا هێزی یاسا دەبێتە غول، بە جۆرێك کە ئیدی دەشێت پێوەری هاوشێوەی ئەو پێوارانە دابنرێت کە ڕژێمی نازی دایناببوون.

***کێشەکە تەنیا پەیوەست نییە بە یاساوە. ئەم دۆخە دەستبەرداربوونی سیاسەتە لە تایبەتمەندی و جیاوکەکان [ئیمتیازاتەکان]ی. سیاسەت وەك فەزای گۆڕینەوەی بۆچوونەکان پێگەی خۆی لەدەست داوە.**

-لەمڕۆدا دەسەڵاتی سیاسی تەنیا یەك فۆڕمی ڕێکخستنی کەسەکان و بەڕێوەبردنی شتەکانی وەرگرتووە و زیاد لە ڕادە گرێدراوەتەوە بە ئابوورییەوە. چەمکی ئابووری کاتێك چووە نێو فەرهەنگی سیاسییەوە



Giorgio Agamben

ئیدی تەنیا مانای بەڕێوەبردن دەگەیەنێت. ڕۆسۆ لە کتێبەکانیدا جیاکاری نەکردووە لەنێوان ڕێکخستن و ئابووریی گشتیدا. ئێمە ئێستا ڕاهاتووین لەسەر پەیوەستکردنەوەی سیاسەت بە حکومەتەوە، ئەوەمان لەبیرکردووە کە هەتاکو سەردەمی نوێیش پادشا ئەو لایەنە نەبوو کە ڕادەستپێردرا بۆ دیاریکردنی شێوازی ژیانی خەڵکی. شێوازی ژیان بە زۆری شوێنکەوتەی توانا و لێهاتوویی کەنیسە بوو. چالاکییە شوانکارەییەکەی کەنیسە بنچینەی زۆرێك لە مومارەسە حکومەتییەکانی ئێستایە. ئەگەر سیاسەت لە حکومەتدا کورت بکەینەوە ئەوا دەچینە نێو صیرورەیەکەوە کە بەهۆیەوە پێوەرە ناوەکییەکانی حکومەتگەرایی بەرەو سڕینەوەی سنوورەکانی نێوان ئاکار و سیاسەت و یاسا و ئابووری دەڕوات. دەڵێین «گشت» بۆتە بابەتێك کە شایەنی ڕێکخستن و کۆتوبەندکردنە لەژێر فۆڕمی: بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا.

***لە هەمان ئەو کاتەی کە دەبینین هێزە چەپە پەرلەمانتاریست و سۆسیالیستەکان هیچ گومانیان لە فیتشیزمێکی شایەنی حوکمکردن و جڵەوکردن نییە، ئەوا ڕێکەوت و سەیر نییە دۆخەکان بەو جۆرە بگوزرەرێن کە باسمان کرد. هەموو فۆڕمەکانی ئۆپۆزسیۆن بەهۆی دۆگمای لێهاتوویی حکومەتەوە وەستاوە. بابەتەکە هەمیشە بەم جۆرە نەبووە، ئەوەندە بەسە ڕووداوەکانی ساڵانی حەفتاکان باس بکەین تاوەکو لەوە تێبگەین کە تا چ ڕادەیەك هەندێك کەرتی بەرفراوانی سیاسەت گرنگی نەداوە نە بە هاندانی حکومەت نە بە کۆسپکردنی صیرورە حکومییە دیاریکراوەکان؛ بەڵکو تەنیا لە دەوری نەخشەیەکی دیکە کۆبووبوونەوە. لەمڕۆدا ئەم نەخشەیە بوونی نییە، یاخود تەنیا لە بەشیکی بچۆلەدا کورت کراوەتەوە و ئەمەیش لایەنی چەپڕەوی لە تایبەتمەندییە ململانێکارییەکەی دوور خستۆتەوە. بەڵام ئەم دۆخە کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر هەموو فۆڕمەکانی**

**بەسیاسیکردنی تاکەکەس. کەواتە بەروون و ئاشکرایی بابەتەکە پەیوەستە بە چەمکە داتاشراوەکانی دیموکراسییەتەوە.**

-ئاراستەی بەهێزی ئامرازی حکومەت ئەوەیە کە هاونیشتمانیان بکاتە مادییەکی گوێرایەڵ بەدەست حکومەتەوە. ئینجا وا لە چالاکییەکانیان بکات کە ببێتە چاودێریکردنی خۆ. دەبێت بیر لە هەموو ئەم شتانە بکەینەوە، بەم جۆرە دەبینین کە نەریتیی دیموکراسییەت بە تایبەتی مۆدێلە چەپەکەی، بە باشی بیری لە پرسی حکومەت نەکردۆتەوە. ئەم مۆدێلە پێیوایە حکومەت تەنیا سەرخانە یان دەسەڵاتی جێبەجێکارییە و دواجار ڕەگەزێکی لاوەکییە. هیچ شتێك لە حەقیقەتەوە دوور نییە. لێکۆڵینەوەکانم لەبارەی ژینالۆژیای حکومڕانی (gouvernementalité)ـییەوە بردمی بەرەو کێشەیەکی سەرەکی: نهێنیی ڕاستەقینەی سیاسەت حاکمییەت نییە بەڵکو حوکمڕانییە (هەمان بەرەنجامی فۆکۆ). پاشا نییە، بەڵکو وەزیرەکەیەتی، یاسا نییە، بەڵکو پۆلیسە. لەمڕۆدا هیچ حەقیقەتێك لەوە ڕوونتر نییە کە لە ئیتالیا ببینین دەسەڵاتی جێبەجێکاری خۆی هەمیشە یاساکان لەژێر ناوی فەرمانەکان (ڕێنمایی و نووسراوەکان)ـدا دادەنێت، دواجاریش پەرلەمان تەنیا مۆرکردنەکەی لەسەرە.

***بەم جۆرە دەسەڵاتی جێبەجێکاریی پێویستی بە هیچ کەسێك نییە بۆ جێبەجێکردن، بەلام واپێدەچێت قەیرانەکانی متمانە بەرامبەر چینی سیاسی زیاتر دەبێت؛ ئەم قەیرانانە تارادەیەك دیموکراسییەت دەخەنە ژێر هەڕەشەوە. ئاماژە بە ڕێگایەکیش دەکات کە نا-لۆژیکیە و تووڕەییەکی قووڵە. ئەم داڕووخانە لەلایەن دانیشتوانەوە لێی دەڕوانرێت.**

-ئەمانە نیشانەی قەیرانێکی قووڵن کە تەنانەت هەڕەشە لە بنچینەکانی دیموکراسییەتیش دەکەن. پێموایە لەمڕۆدا پەیمانامەی متمانەی دوولایەنە، لەنێوان هاونیشتمانیان و سیاسەتمەداراندا، لەنێوان سەردەستان و ژێردەستاندا هەڵگەڕاوەتەوە و بووە بە گومانێکی دوولایەنەی کوشندە. حکومەت وەها مامەڵە لەگەڵ هاونیشتمانیانیدا دەکات کە بە پۆتێنشییەل تیرۆریستن، هاونیشتمانیانیش پێیانوایە چینی سیاسی هەر لە بنەڕەتەوە چینێکی گەندەڵن. کە لە ئێستایشدا ئەم دوو لایەنە پێکەوە سازاون ئەوا ئەمە بەهۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوەیە وەك دەسەڵاتی دڵخۆشکردن و خوشگوزرانی و ئارامکەرەوە. بەڵام ئەم پێکەوەسازانە لاواز و فشۆڵە و سروشتێکی نا-سیاسییانەی هەیە. بە هەمان شێوە هەڵبژاردنیش کەمتر سیاسییانەیە و زیاتر تێرکردنی ڕاپرسییەکانە کە زووبێ یان درەنگ خۆیان جێگای هەڵبژاردن دەگرنەوە.

**تێبینی:**

ئەم گفتوگۆیە لە بنەڕەتدا بە زمانی ئیتالی لەگەڵ فەیلەسوفی ئیتالی «جۆرجیۆ ئاگامبێن»دا ئەنجامدراوە و لە ماڵپەڕی (Le revue des livres) بڵاوبۆتەوە، دواتریش وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی و چەند زمانێکی دیکە، بەلام بە زمانی ئینگلیزی دەستمان نەکەوت، جا نازانین داخۆ کراوە بە زمانی ئینگلیزی یان نا، بۆیە لەم وەرگێڕانەدا پشتمان بە نوسخە عەرەبییەکەی بەستووە. ئەمەیش لینکی گفتوگۆکەیە بە زمانی ئیتالی و عەرەبی:

بەزمانی ئیتالی:

http://www.revuedeslivres.onoma6.com/articles.php?idArt=118&PHPSESSID=6f83eb4b63b3da0ba55d12d5e2fa93c6

بە زمانی عەرەبی:

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=310668